کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-10-2007 0:25 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## سوتانی باخی جوانییەکان ... گەشاوە جاف



ڕۆژهات و ڕۆی چاو لە ڕێت بووم
ئەی خوداکەی حوجرەی خەڵوەتی
ئەوینی بریندارم....
شەو تابەیان لە خەڵوتگای عەشقی تۆدا
وەك دەرویش زکری بێ تۆیم ئەکرد
دەست بە دوعا هەردەم داوای کۆمەکم
لە خودای عەشقی جوانی مرۆڤ ئەکرد
کۆمەکم کات بۆ چەند ساتێ پێم ببەخشێ
بۆ چەند چرکەیەك لەم غوربەتە خۆشی
هاوارم کرد نەم سوتێنێ بە ئاگری
دابرانی ئەم عەشقی ئاهو حەسرەتە
گریان ونزاو پارانەوەم بۆ شین کردنی
باغی خۆشەویستیم سەردەمێکە ونابڕێتەوە
لە دەرکردنی چرۆی ژینی نوێ بوو
ئاگری ئەجەل هاتوو باخچەی کردە
بیابانی خۆڵەمێشی عەشقی وێران
کۆتایی هێنا بە چیرۆکی دڵی دێوانە

لەندەن/ ٢٠٠٧
geshawa@chra. tv

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.